# تای شیعر



دلاوەر قەرەداغی

لێدوانی: ڕێبوار سیوەیلی

تام هەیە

تای شیعر

تای ناکاو... خافڵگیر

تای جار جار وەک ئاگر سووتێنەر

جاروبار فێنک وەک شنە و

جارجارەش تەزیو وەک زەمهەریر

ئێمە وادەزانین هەستەکان و دڵ لە خودی خۆمانەوە نزیکترن، کەچی شاعیران ئەم تێگەیشتنە هەڵدەوەشێننەوە و پێماندەڵێن: شیعر لە تۆوە نزیکترە، بگرە ئەوە شاعیرە لە شیعریش زیاتر لە تۆوە نزیکترە بۆ ئەوەی لە خۆت تێبگەیت. شاعیربوون ئاگاییەکی پێش جەستەیی و پێش هەستە و بەرلەوەی ئێمە لە ڕێگەی هەست و جەستەمانەوە، پێشئەوەی بەهۆی زمان و دەربڕینەوە لە جیهانی دەوروبەر و ناخی خۆمان تێبگەین، شیعرییەتی جیهان لە وێیە و شاعیر ئەم شیعرییەتە تێکەڵ بە ژیانمان دەکاتەوە. شاعیران ئەو مرۆڤانەن کە ئامۆژگارییمان دەکەن شیعرییەت لە خودی خۆماندا بدۆزینەوە. ئەمە ئەو شیعرەی دلاوەرە کە بەرەو ئەو شوێنە شاراوەیەمان دەبات کە جگە لە خودی خۆمان شوێنێکی دیکە نییە .

سەرەتا هەمووشتێك ڕاگەیاندنی دۆخەکەیە. سرووشتی تای شیعر خۆی بەیان دەکات و ناکۆك و دژوازییەکانی دەناسێنێت. تای شیعر پڕە لە ناکۆك و دژوازی پێکەوە بەستراو، ناکاو و خافڵگیر، سوتێنەر، فێنك و بەشنە و تەزیو. هەموو ئەم وشانەش کە ئەم وەسفەی تای شیعریان پێدەکات شاعیرانەن و دەنگەپیتەکانی وەك: (ر، س، ش، ج و ز) دەبنە قارەمانە دەنگە نەرمەکان کە زۆربەیان لە ناخ و زارەوە دێنە دەرێ.. بۆیە یەکسەریش ئاراستەی شیعرەکە بەرەو ناخ و دڵ دەگۆڕن:

لە دڵم دەنۆڕم و هەست دەکەم تام هەیە

تای شیعر

تای ئاشنا

تای ناحەز

تای هاوڕێی کولەکەی ڕۆحەکەم

تای نەیار .. دوژمنی سەرسەخت و خوێنەخۆر

هەست دەکەم تام هەیە

تای قورس

تای هاسان

تای ڕۆیشتن ... تا مەرزی دیارنەمان

تای ونبوون ... تای خنکان .. تای گران،

بەڵام جوان

ناکۆك و دژوازەکان و جیاوازییەکان بەردەوامن چونکە ژیان خۆی ناکۆکی و جیاوازیی و بەردەوامییە. بەڵام لە دڵی دەنوڕێت و نابینێت، بەڵکو هەست دەکات! ئەمە گەمەیەکی زمانییە لە شیعردا. تۆ کە دەنۆڕیت دەبێت ببینیت، یان تەماشا بکەین، ئەوە دەستلێدانە کە هەستت دەداتێ.. کەواتە جیاوازیی دۆخە دەروونییەکە نابێتە هۆکاری کەمکردنەوە لە گەمە شیعرییەکە. دلاوەر هەر مانا ڕیز ناکات، بەڵکو جوانکاریش لە بەیانکردنی مانادا دەکات. ئەو وەك مرۆڤێکی تالێهاتووی ئاسایی نایەتە دەنگ، بەڵکو تا لێهاتنیش دەکاتە ساتەوەختێکی داهێنەرانە و هونەرمەندانە. هەر بۆیەشە وشەی تا، زیاتر لە سی و چوار جار دووبارە دەبێتەوە، خۆ ئەگەر دووجار بە هەمان مانا دووبارە باوە دەبووە وشە ڕیز کردن. دلاوەر چونکە شاعیرێکی ڕەسەنە، ئەوەندەی جیاوازیی دەخوڵقێنێت، ئەوەندە دووبارەیی ناڵێتەوە. بەڵام جیاوازییەکانی هەر جیاوازیی نین، بەڵکو دەرخەری ناکۆکی و دژوازییەکانیشن: تای حوزن و تای شادی، تای قاقا و تای گریان، تای تووڕە و تای نیان.. لێرەوە شیعر دەبێتە بەیانکەری دۆخێکی بوونخوازانە، لە ژیانەوە ئاڵاو نەك دوور لە ئەزموون و دروستکردنی ئایدیۆلۆژیا و گەشبینییەکی ساختە و مەکیاژاوی:

تای لەبەر پەنجەرە ڕاوەستان

بە خەیاڵ، فڕین بە،

جێباڵی مەلێکدا و

لە خاڵی دوور ڕامان

تام هەیە

تای حوزن

تای شادی و خەنیبوون

تای قاقا گریان و

تای هۆن هۆن پێکەنین

تا دێت و

تای شیعری گا تووڕە و

گا نەرم و نیان و میهرەبان

تای شیعر وردە وردە دەبێتە فێ لیهاتن و بەرەو مەستبوونێکی عاریفانە دەچێت. زمان لە دژی خۆی هەڵدەگەڕێتەوە و لە جیاتی نواندنەوەی مانای وشەکان، پێچەوانەیان دەکاتەوە: بەستنی دەست بە هەور چ مانایەکی هەیە جگە لە ئازادکردن؟ کلێتەی خەیاڵ، لە جیاتی داپۆشین، ئازادییەکی دیکەیە. وەزیفەی کلێتە هەڵدەگێڕێتەوە لە شاردنەوە و داپۆشینەوە بۆ خەیاڵ! ملپێچی زوقم، خۆشی زەندەقبەر و ئیتر بەو جۆرە تایەکە بەرەو حاڵ لێهاتنمان دەبات. زمان خۆی لە مانا جێگیرەکان ئازاد دەکات و ڕەدووی خەیاڵ دەکەوێت و خەیاڵیش بەرەو داهێنان. ئەمە سرووشتی شاعیرانی ڕەسەن و بێ دەمامکە. دلاوەر چل ساڵ زیاترە بێ دەمامك شیعر دەنووسێت، بەڵام بەدەگمەن ئەوەندەی ئەم دەقە گەشبین و ژیاندۆستانە لە بوونی ڕوانیووە. کۆتایی ئەم دەقەشی بەڵگەیە لەسەر ئەم قسەیە. ئەو لە کۆتاییدا خۆی ناهاوێتە باوەشی مەرگ و ونبوون و ڕەشبینی و حوزنەوە، بەڵکو تێپەڕین دەکاتە ڕێچکە .

بە هەورێک دەیبەستێ توند دەستم

کلێتەی خەیاڵێک ڕەنگاوڕەنگ

دەکاتە سەر هەستم

دەینێتە بەر چاوم دووربینێک... نزیکبین

بۆ بینین،

ملپێچێک لە زوقم دەپێچێ لە ملم

کتوپڕ خۆشییەک زەندەقبەر

دەخورپێتە دڵم

دەڵێ ها ئەوەتا..

ئەسپێک چون برووسکە

دەی سوار بە!

دەڵێ ها ئەوەتا...

دوو باڵ لە ڕەشەبا

پێی بفڕە ... مەوەستە

تا / ناکۆتا!

بێئەوەی هیچ بڵێم

قوڕوقەپ، بە هەرا

دردۆنگ و دڵنیا

بەپێی خۆم

بە سام و ترسێکی خۆشەوە

زەلیل و سەرفراز

لەگەڵی دەڕۆم و

لەرزەلەرز ... قنج و قیت

ئازاد و دیل ئاسا

پێش و دوای دەکەوم

هەتا تای شیعر زیاتربێت، زمان سنوورەکان دەبەزێنیت. تا دەبێتە ڕاڕایی و گومان، دەبێتە دوودڵی و سەرەتای بەردەوامییەك، دەبێتە نوقڵ و خۆی دەنێتە سەر زمان و زاری شاعیرەکە و ئیتر خۆی خۆی دەگێڕیتەوە. زمان خۆی زاخاو دەداتەوە و خەریکی لاقەکردنی شاعیرە و ڕووت و قووتی دەکاتەوە. زمان خۆی خۆی بەیان دەکات، نەك شاعیرێك زمان جڵە و بکات. بەم حاڵەشەوە ئاگایی شیعری بەردەوامە و شاعیرەکە بەرەو سنوورەکانی هەڵوەشاندنەوە دەبات تا دەگاتە نێوان مەرگ و ژیان. شوێن و کات، مانایان نامێنێت و لەوێدا وەك هەر عارفێك بەدەستی بەتاڵ و دڵی پڕەوە لەنگەر لە (تێپەڕین)دا دەگرێت، واتە لە دۆخێکی هەمیشەییدا، نە دەمرێ و نە دەژی، بەڵکو بەردەوامی وەردەگرێت. دەبێتەوە ڕۆح و لە دنیای ماتەریاڵی خۆی ڕزگار دەکات و دەبێتە و ڕۆحێکی زیندوو، ڕۆحێکی مەییوو نا، بەڵکو تێپەڕیو:

تام هەیە

تای شیعر

تای دوعای خەراپ و

نوشتەی ڕەش لێ گیران

تای بلەز چوون بۆ شەڕ

خۆکوتان بۆ بەرەی پێشەوە و

لە یەکەم هەڵمەتدا گلان و هەڵدێران

تام هەیە

تای قسەی سەیر و جوان

ئاقڵ و هاروهاج

تای پەیڤی خۆمانە و خۆڵاوی و

ئارنگدار

تای قسەی تیفتیفە دراو و سەنگین و

سادە وەک سادەیی و

شکۆدار وەک شکۆ و

ڕیتمدار وەک ستران

تا دێت و

هێور و لەسەرخۆ

پەیڤەکان یەک دوای یەک

وەکو نوقڵی نەعنا

دەنێتە زارم

تام هەیە

دەیبینم کە دێت و دەمگرێ

ڕووخۆش و مڕومۆچ

باوەشم دەکات و ئامبازم دەبێت و

زۆرانم لەگەڵدا دەگرێت و

سەر دەکاتە سەرم

کلێتە و ملپێچم دەڕفێنێ،

عەینەکم دەشکێنێ،

جلکم بە / بەرەوە ناهێڵێ،

وەک منداڵ تەنگم پێ هەڵدەچنێ و

بە ڕاستی و بە گاڵتە تام دەگرێ

تا دێت و،

تا هەبم

تای شیعر،

ساردتر و گەرمتر

توندتر و نەرمتر دەمگرێ و

چ هەدادانم نییە و

ئاشت و زیز

لە خۆمدا ناحەجمم

کات کەمە و زۆر کەم و

ڕێ دوورە و زۆر دوور و

شوێن تەنگە و

زۆر تەنگە بە بەرم

ناچارم بڕۆم و

نەوەستم

قەدەرمە بەم تایەی شیعرەوە

لە خۆمی ڕۆژانە

بە نێوان مردن و ژیاندا

بە نێوان تاریکی و ڕووناکی

بە نێوان باران و هەتاودا

غەمگین و شادمان

بە دەستی بەتاڵ و

دڵی پڕ پڕەوە،

بڕۆم و

تـ

ێـــ

پـــ

ـــە

ڕ

م!

دلاوەر قەرەداخی یەکێك لە شاعیرە هەرە دیارەکانی نەوەی ئێمەیە، شاعیرێك پڕ لە حوزن و ماتەم. پڕ لە دەربڕینی تایبەت بەخۆی، پڕ بەهێمنی. ئەو خۆی وەك کەسایەتی، بەرجەستەکەری وشەی (هێمنی)یە، ئەگەر گوتت دلاوەر، واتە هێمنی. بەڵام شاعیر کە ئەوەندەی دلاوەر هێمن بوو، واتە دەست بە وشەوە دەگرێت. ئەو ئابووری لە زماندا دەکات، بەڵام کاتێك دەدوێت شەتاوێکە لە وشە و

خەیاڵ.. دلاوەر داهێنەرێکە هەرگیز گەمە بە شیعر ناکات و نایشیخاتە خزمەت هیچ شتێکی دیکەوە.
دلاوەر بەرگرییەکی پێشمەرگانە لە شیعر دەکات.